وێنەیەک لەگەڵ ئارین مەسرور بارزانی دەبێتە هۆی دووروخستنەوەی گەنجێک لە کارەکانی

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا چالاکوانێکی کورد کە دانیشتووی وڵاتی بریتانیایە بە ناوی ئاکە ڕەشید لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تیکتۆک وێنەیەکی لەگەڵ ئارین مەسرور بارزانی، کوڕی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە و لەسەر وێنەکە نوسیبووی "لەگەڵ برام لە لەندەن".

ئاکە ڕەشید لەگەڵ ئارین بارزانی

ئەم وێنەیە لەلایەن چالاکوانان و پێیجەکانی ئۆپۆزسیۆن بڵاوکرایەوەو بووە هۆی مشتومڕ کە گوایە چالاکوانی ناوبراو لە ڕەکخراوەی داکۆک کە پاڵپشتی لە ئازادی و وەک ڕەکخراوەیەکی ئۆپۆزسیۆن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان چالاکە لە بریتانیا کاردەکات و دەڵێن، ئەم چالاکوانە بە کەیسی سیاسی و بە هەکاری ڕاوێستانی دژ بە حکووومەتی کوردستان مافی مانەوەی لە بریتانیای پێدرا کەچی لەگەڵ ئارین مەسرور بارزانی کوڕی سەرۆکی حکومەتی هەرێم کاردەکات.

لەدوای ئەو هەموو مشتومڕە، ڕەکخراوەی داکۆک بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا ئەو ئەندامەی لە ڕێزەکانی دووروخستە بەهۆی وێنەی لەگەڵ ئارین بارزانی و لە بەیاننامەکەدا هاتووە، دەستی کارگێڕی

ڕێکخراوە بە پێویستی زانی ئێندام (ئاکە ڕەشید) لە ڕێکخراوەی داکەک دووربخاتەوە، لە ئەمڕۆوە بەهیچ شێوەیەک پێیوەندی بە ئەمەوە نەماوە.

هەروەها لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە، هەکاری دوورخستنەوەی ئەم گەنجە وەنە گرتنیەتی لەگەڵ ئارین مەسرور بارزانی و بەاوکردنەوەی لە یەکەک لە ئەکاونتەکانی خۆی لە تۆڕی سۆشیەل میدیا، کە تێیدا بە شانازییەوە بە براکەم وەسفی کردوە.

ڕێکخراوەی داکەک ئەوەشی خستەتەوو، لەکاتەکدا ئەمە شێوی ئازادبوونی تاک دەکەین پەمان خۆش گەنجەکانمان بەدوور بن لەو (کەیلایەتیە)ی کە دەسەڵاتدارانی شکست خواردووەکەی هەرەم مەبەستیەتی و کاری بە دەکات، ئەمەش لەڕێگەی ئەو چالاکییانەی کە دەیکەین لەرە لە ووڵاتی بریتانیا، هەر بەیە ڕێکخراوی داکەک بە پێویستی دەزانێت ئەو کەسانە لە ئێندامەتی دووربخاتەوە.

وە لە لایەکی ترەوە ئێندامانی ئەمە، دەبێت لەکاتی بینینی هەریەک لەو کەسانەی، کە سەر بە دوو بنەماڵەی دەسەڵاتدارن لە باشووری کوردستاندا، بونێنە هەکاری سەرکی گەشتی بە لەشاوی گەنجانمان بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێت شەرمەزار و (هەڵکە بارانی) بکات نەوەک وەنەی لەگەڵ بگرێت.

لەبەرامبەریشدا، ئاکە ڕەشید کە خۆی وەک چالاکوانەکی کورد لە بریتانیا نیشان دەدات، هیچ ڕوونکردنەوەی لەبارەی بەاوکردنەوەی وەنەی لەگەڵ ئارین مەسرور بارزانی نەدا و دوورخستەوەی لە ڕێکخراوەی داکەک.